## چەند پەیامی پیرۆزبایی:

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بە بۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکرات



**شانتال کامبیوا سکرتێری گشتیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، بەبۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.**

**پیرۆز بێ کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی حەڤدەیەمین کۆنگرەکەتان**
**هەڤاڵانی هێژا،**

به بۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی حەڤدەیەمین کۆنگرەکەتان، لەلایەن ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستەوە پیرۆزبایی

خۆمانتان پێشکەش دەکەین. پابەندبوونی ئێوە بە بایەخە دێموکراتیکەکان، بەشداریی سیاسی و، مافەکانی مرۆڤ شایانی دەستخۆشییە و ڕەنگدانەوەی خۆڕاگریی ئەوانەیە کە هەوڵ بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانەتر و گشتگیر دەدەن.

لە سەردەمی نادڵنیایی سیاسی و ئالنگارییەکانی ناوچەییدا، خەبات بۆ ڕێگاچارە ئاشتیخوازانە و دێموکراتیکەکان فرە گرینگە. ئێمە دان بە گرینگیی دیالۆگ، یەکگرتوویی و هاوکاری بۆ گەشەپێدانی خولیا دێموکراتیکەکان و دڵنیا بوون لە ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەمووان دادەنێین.

**هیوای سەرکەوتنتان لە هەوڵە بەردەوامەکانتان بۆ برەودان بە دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ بە ئاوات دەخوازین.**

**شانتال کامبیوا**

**سکرتێری گشتیی ئینترناسیۆنال سوسیالیست**

**٢١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان بەبۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکرات

**کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێزان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.**

بە ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و گشت ئەندامان و هاوبیرانی پارتەکەمان، پارتی سەربەستیی کوردستان.، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی١٧ی حیزبە تێکۆشەرەکەتان. لەژێر ناوی (کۆنگرەی یە کگرتنە وەی دێموکراتە کان)، پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین. زۆر خۆشحاڵین لەوەی کە کۆنگرەکەتان، لە ژێر هەڕەشەی مەترسیی پەلاماردانی ئاسمانیی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران، بە سەلامەتی تێپەڕی. بەو شێوەیە توانیتان ئەو پەیامە بە ئێرانی داگیرکەر بگەیەنن کە هیچ هەڕەشە و مەترسییەک ناتوانێت، ڕێگر بێت لە یەکریزی و خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی نەتەوەی نیشتیمان داگیرکراوی ئێمەی کورد. هەروەها کۆنگرەکەتان مزگێنی و دڵنیایی لە بەهێزبوونی یەکریزی، بە گشت ئەندامان و ڕێکخستنەکانتاندا، هەر ئەو مزگێنییەشتان بە هەموو لایەنێکی خەمخۆری یەکریزی نەتەوەکەماندا. وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، جارێکی دیکەش خۆشحاڵی و پیرۆزبایی لەو یەکریزییەتان دەکەین. هیواخوازین کە بەرهەمی داهاتووی کۆنگرەکەتان، وەک ئەرکێکی زۆر گرنگ و پێویستی هەنووکەیی: هەوڵدان بێت بۆ درووستبوونی یەکدەنگی و تەبایی لایەنە سیاسییەکانی

## پەیامی پیرۆزبایی سەرۆکی پارتی سەوزی کوردستان بەبۆنەی کۆتاییهاتنی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکرات




**برای بەڕێزم کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**سڵاوێکی ژینگەدۆستی**

**بە بۆنەی سەرکەوتنی (١٧) یەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان "و هەڵبژاردنی بەڕێزتان بە سکرتێری گشتی، لەلایەن پارتی سەوزی کوردستانەوە گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرە دەکەین . ئومێدەوارین بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەتان لەو قۆناخە گرنگ و هەستیارەدا، هاندەر بێت بۆ بەرەوپێشچوونی خەبات و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات زەرورێتی ئەم قۆناخی خەباتی سیاسییانەی هەموو لایەکمانە لە ژینگەیەکی سیاسییانە.**

**دووبارە هیوای سەرکەوتنی گۆنگرەکەتان بۆ دەخوازین، پیرۆز بێت.**

## پەیامی یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان - ئێران بە بۆنەی سەرکەوتنی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

پێش هەموو شتێک وەکوو یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان، زۆر پێخۆشحاڵین بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گرتنی کۆنگرەی یەکگرتنەوەشتان لێ پیرۆز دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی تێکۆشەر و ڕەگداکوتا و لەمێژینەیرۆژهەڵاتی کوردستانە و خاوەن مێژوویەک پڕ لە تێکۆشان و گیانفیداییە بۆ ڕزگاری و سەربەستیی گەلەکەمان، وەکوو یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان ڕێز و پێزانینمان هەیە بۆ خەبات و تێکۆشانتان، هەر بەو بۆنەوە هەوڵی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانتان لێ پیرۆز دەکەین و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

یەکیەتیی دێموکراتی کوردستان

١٧ - ٢ - ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## ئەندامانی ڕێبەری کۆنگرەی حەڤدەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

## "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"

**١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = ٣ی فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی لە باشووری کوردستان**

### ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مستەفا هیجری - سکرتێری گشتی | ١٠ | کەماڵ کەریمی | ١٩ | سەلیم زەنجیری |
| ٢ | مستەفا مەولوودی - دەستەی کارگێڕی | ١١ | عەلی بداغی | ٢٠ | حوسێن نازدار |
| ٣ | حەمەنەزیف قادری - دەستەی کارگێڕی | ١٢ | ڕووناک فەتحی | ٢١ | حەسەن خۆشکەلام |
| ٤ | حەسەن قادرزادە - دەستەی کارگێڕی | ١٣ | فوئاد خاکیبەیگی | ٢٢ | ئاوات سارۆج |
| ٥ | عومەر باڵەکی - دەستەی کارگێڕی | ١٤ | کارۆ ڕەسووڵی | ٢٣ | سۆران نووری |
| ٦ | کاوە بەهرامی - دەستەی کارگێڕی | ١٥ | تەیموور مستەفایی | ٢٤ | د. کوێستان گادانی |
| ٧ | خالید عەزیزی | ١٦ | ڕۆستەم جەهانگیری | ٢٥ | د. جەواد دانش پژوە |
| ٨ | حەسەن شەرەفی | ١٧ | سامان فەقێ نەبی | | |
| ٩ | خەدیجە مەعزووری | ١٨ | کەریم پەرویزی | | |

### ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاسۆ مینبەری | ٥ | هیوا میرزایی | ٩ | سمایل ئەرجوومەندی |
| ٢ | ئامانج زیبایی | ٦ | پێشەوا عەلی پوور | ١٠ | خدر پاکدامەن |
| ٣ | سەرگوڵ شابازی | ٧ | پەرویز مەراغەیی | ١١ | خوسرەو قادری |
| ٤ | سەید عەزیز نیکجوویان | ٨ | کەریم فەرخەپوور | ١٢ | هیوا بەهرامی |



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە هەشتا ساڵی ڕابردوو دا

(١٩٤٥ - ٢٠٢٥)

---

بەستنی بەوەختی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەماوەی ٤٦ی ساڵی دوایی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دا بەحەق نیشانەی پابەند بوونی ئەم حیزبە بە پاراستی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزب دایە. لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران هاتووتە سەرکار، حیزبی دێموکڕات لەگەڵ خەباتێکی سەخت و دژواری چەکدارانە بەرەورووبە و بەردەوام بنکەکانی لەژێر مەترسیی بۆمباران و تۆپ باران و کردەوەی تیرۆیستیی بەکرێگیراونی کۆماری ئیسلامی دا بوون، بەو حاڵەش زۆربەی زۆری کۆنگرەکان بەو جۆرە کە پێڕەوی نێوخۆ دیاریی کردوە، لەوەختی خۆیان دا گیراون.

---

### کۆنگرەی یەکەم حدکا

١- ٢٣ی ئوکتۆبری ١٩٤٥ی زایینی = ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ ٢ی خەزڵوەری ١٣٢٤ی هەتاوی؛ پێک هێنانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە شاری مەهاباد. (قازی محەممەد پێشەوای حیزب)

---

### کۆنگرەی دووهەم حدکا

١٤- ١٩ی نۆڤەمبەری ١٩٦٤زایینی = ٢٨ی خەزڵوەری ١٣٤٣ی هەتاوی؛ دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم دا پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی حیزب لە نێوان گوندی شێنی و گوندی سونێدا لە نێوان سەردەشت و قەڵادزێ. نوێنەری

